ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

لەندەن\2007-2-19:

# UNHCR نارازین لەسەر ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد

رۆژی هەینی 2-16 لەسەر داوای بەرێز (Andrew Harper) بەرپرسی کاروباری عیراق لە UNHCR جینیف لەسەر دانێکی بۆ لەندەن ،دوای دانیشتنی لەگەڵ وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا لەگەل (دەشتی جەمال) بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی )و (سارە پارکەر) لە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق کۆبووە بۆ ماوەی 2 کاتژمێر.

( دەشتی جەمال، سارە پارکەر) لەسەر سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران لەریگای فرۆکەخانەی سەربازی و بەکەلەپچەکراوی بۆ کوردستان کە پێچەوانەی هەموو یاساکانی نیو دەولەتی یە بۆ مافەکانی پەنابەران وگرتن و زیندانی کردنی پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکان قسەو باس کرا داواکرا:

1. لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە خەتەرناکە کە روبەرووی پەنابەرانی کورد بۆتەوە لەسەر سیاسەتی بەزۆر ناردنەوە پێویستە UNHCR بەجدی دەور ببینی لەسەر هەڵویستی خۆی وە فشار خستنە سەر دەولەتی بەریتانیا لە راگرتنی ئەم سیاسەتە دژ ئینسانی یە.
2.ئەو ریکەوتنە دووقولی یەی بەینی حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی بەریتانیا غەیرە یاسای یە پێویست UNHCR هەڵویستی خۆیان رابگەیەنن کە لە کوردستانیشدا بارەگایان هەیە وە هەمیشە ئەوان تەرەفی کیشەی پەنابەران بوون لە هەر شوێنێکی دنیادا.
3.سەبارەت بە نامەو بەڵگە نامانەی ئاراستەی سکرتیری نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە وەڵام بدەنەوە .
4.یارمەتی کیسەکانی پەنابەرانی کورد و عیراقی بدەن بە دانی ماف پەنابەری پیان بەعینوانی قوربانیانی جەنگ و نائارامی.

بەریز (Andrew Harper) رای گەیاند :

1. ئەوان سورن لەسەر ئەوەی هیچ پەنابەرێك بەزۆر نەنیرێتەوە بۆ کوردستان وە سیاسەتیان نەگۆرییوە
2. نامەیان داوە بە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دوو جار لەسەر ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد.
3. داوای هاوکاریان لەفیدراسیۆن کرد کە چەند کەیسێکی پەنابەرانی کورد کە بەهۆی دەسەلاتدارانی کوردستانەوە هەڵهاتوون وەك نموونە بخاتە بەردەمیان.
4.لەسەر مەسەلەی کیشەی ژنان لەکوردستان ولەدەرەوە فیدراسیۆن ئاگاداریان بکاتەوە.
5.هەر کەیسێکی پەنابەرانی کورد لەناوچەکانی کەرکوك و موسڵ لەلایەن ئەم دەوەلەتە ئەورپی یانە رووبەرووی نارەحەتی بوونەتەوە وەیان نیراوەتەوە بەزۆر بۆ کوردستان ،فیدراسیۆن ناوەکانیان و کورتەی کەیسەکانیان لیست بکات و بیان داتێ.
6.سەبارەت بە کیشەی پەنابەرانی کورد و عیراقی لە وولاتە ئەورپی یەکانی تر ،لە کۆتای مانگی 3 دەشتی جەمال بانگهێشت دەکەن بۆ کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەشی ئەوروپای UNHCR لەبرۆکسێل تا لەوبارەیەوە قسەو باس بکرێت .

لەکۆتای دا جارێکی ترچەندین بەڵگە نامەو نامەی بەرپرسی فیدراسیۆن بۆ سکرتیری پێشوی نەتەوە یەکگرتووەکان ونامەی پەنابەران لەکوردستانەوە تەسلیم کرا ،نۆینەری UNHCR داوای هاوکاری و پەیوەندی فیدراسیۆنی کرد بە بەردەوامی.

IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, Mobile: 07856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083 **www.csdiraq.com**